**روونکردنەوە: ئەم وتووێژەی لە خوارەوە هاتووە، دەقی ئەو وتووێژەیە کە لە ڕۆژهەڵات تی ڤی بڵاو کرایەوە. هاوڕێ بەهمەنی عەلی‌یار لەسەر ئەم وتووێژە بابەتێکی بڵاو کردووەتەوە. بۆ ئەوەی خوێنەران بتوانن هەمەلایەنەتر باسەکە بدەنە بەر لێکۆڵینەوە و قەزاوەتی خۆیان، بە پێویستی دەزانم وەك خۆی بڵاوی بکەمەوە.**

**سپاسی ئەو هاوڕێیانە دەکەم کە ئەم وتووێژەیان دابەزاندووە.**

**ڕەزا کەعبی**

21-06-2007

# وتووێژی ڕەزا کەعبی لە گەڵ ڕۆژهەڵات تی‌ڤی

**ڕێکخستنی گفتوگۆ: ئەیووب عەبدوڵڵاپوور**

13ژانویە 2007

ڕۆژهەڵات تی‌ڤی (ئەیووب عەبدوڵڵاپوور): ڕەوتی ڕووداوەکان لە ئێران و کوردستان بە چ شێوازێک دەبێت، خاڵە گرنگەکانی ئەو ئاڵوگۆڕانە چۆن دەبن، بارودۆخی ژنان ولاوان و خوێندکاران و بزووتنەوەی ئەو توێژە کۆمەڵایەتیانە ئەتوانن چ کاریگەرییەک لە سەر بزووتنەوە کورد دابنێن. دەرنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەم دواییانە تا چەند دەتوانێت بزووتنەوەی کورد بەرەوپێش بەرێت یان کاریگەریی لە سەر بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان دابنێت ، گۆڕانی تانوپۆی کۆمەڵایەتی وبەرینبوونەوەی جوغرافیای بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان تا چەند کاریگەریی لە سەر بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان هەبووە. ئەمانە و چەند پرسیارێکی تر تەوەرەی باسی ئەم جارەمان دەبێت لە گەڵ بەرێز ڕەزا کەعبی ئەندامی کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە.

پرسیار: بەرێز کاک ڕەزا! لە کونگرەی 11ی کۆمەڵەدا هەلومەرجی سیاسیی کوردستان یەکێک لەو تەوەرانە بوو کە قسە و باسی لە سەر کرا. ئەگەر بتەوێت پێناسەیەکی گشتیی ئەو هەلومەرجە نوێیەی سیاسیی کوردستان بکەیت ئاماژە بە چ خاڵ گەلێک دەکەیت؟

وەڵام: ئەگەر بمانەوێ لە سەر هەلومەرجی سیاسیی کوردستان قسە بکەین کە لە کونگرەی 11ی کۆمەڵەدا بە تێروتەسەلی قسەی لە سەر کرا و، دەتوانم بڵێم یەکێک لە گەرمترین باسەکانی کونگرەی کۆمەڵە بوو، دەتوانم ئاوا بڵێم کە کۆمەڵگای کوردستان ئەو کۆمەڵگا سانا و ساوا و سوننەتییەی 30 ، 40 ساڵ لەمەوبەر نییە. گەلێک ئاڵوگۆڕی گەورەی کۆمەڵایەتی لەم کۆمەڵگایەدا ڕوویداوە. شارەکان گەورە بوونەتەوە و دەزانین کە گەورە بوونەوەی شارەکان لە گەڵ خۆی پێداویستی و کلتوری نوێ دێنێت. بافتی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و فەرهەنگیی ئەم کۆمەڵگایە بە ڕادەیەکی زۆر گۆڕاوە . ئێمە دەتوانین بە چەند بەش پێناسەی بکەین کە ئەم ئاڵوگۆڕانە لە کوێ خۆی دەبینێتەوە. بۆ وێنە یەکەمیان پێگەی ژن لە کۆمەڵگای کوردستانە، سەرەڕای ئەوەی کە ڕژیمێکی دژە ژن لە سەر کارد بووە، سەرەڕای ئەوەی کە دابونەریتی پیاوەمەزنی هێشتا باڵی بە سەر کۆمەڵگای کوردستاندا کێشاوە، دەزانین

که پێگەی ژن لە کۆمەڵگادا گۆڕاوە و بەشێکی هەرە زۆری خوێندکاران لە کوردستان ژنانن. دەیان هەزار خوێندکاری ژن لە زانکۆکانی ئێران و کوردستان خەریکی خوێندنن و پێگەی ژن لە خانەوادە و پەروەردەی منداڵ و لە ناو کۆمەڵگادا، چ لە باری ئابووری و چ لە باری سیاسەت و رۆژنامەوانی، بە هەمان شێوە گۆڕاوە. شاخسێکی دیکە کە دەتوانین ئاماژەی پێبکەین خوێندەوارییە. خوێندەواری لە ئاستێکی بەرزدایە و 2 شاری گەورەی کوردستان وەکوو بۆکان و مەریوان لە ڕیزی پێشەوەی 10 شاری ئێرانن بۆ دەرچوونی زانکۆ. شاری بۆکان لە پارێزگای ئازەربایجانی خۆرئاوا هەمیشە یەکەمین شار بووە بۆ قەبوولی لە پارێزگاکەی خۆیان. خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئێران بەشی سیاسی و بەشی تێکۆشەری ئەو زانکۆیانە پێک دینن و هەر لە رۆژی 16ی سەرماوەزی ڕابردوو واتە رۆژی خوێندکار 500 خوێندکاری کورد بەشدرایی خۆپیشاندانە مەزنەکەی شاری تارانیان کرد. دروشمەکانیان بە زمانی کوردی لە سەر پلاکارد و لافیتە نووسرابوو. ئەوانە بەشی چالاک و تێکۆشەری ئەو زانکۆیانە پێک دینن . لە لایەکی ترەوە پێگەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی زۆر گۆراوە و من زۆر جار ئیشارەتم بەوە کردووە کە کۆماری ئیسلامی بە هێرشی 28ی گەلاوێژی 1358 بۆ سەر کوردستان ویستی ئەم بزووتنەوەیە کپ بکات، لەو هەلومەرجە مێژووییە کە بۆ خەڵکی کوردستان ڕەخسابوو ویستی بە هێرشی سەربازی و دوای 6 مانگ لە هاتنە سەرکاری خۆی بزووتنەوەی کوردستان بخنکێنێت . بەڵام ڕێک بە پێچەوانەی خۆی شکایەوە و دەزانین دوای 28 ساڵ سەرکوت لە کوردستان و دوای هێرشی بەربلاو و گۆڕانی کوردستان بە مۆڵگەیەکی گەورەی سەربازی ئێمە شاهدی یەکگرتوویی خەڵکی کوردستانین، شاهیدی ئەوەین کە بزووتنەوەی رزگاریخوازی لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە. شارەزایی لە زبان و کلتوری کوردی و مێژووی کورد زۆر زۆر زیاتر بووە و خود ئاگایی نەتەوایەتی لە کۆمەڵگای کوردستان وردە وردە پەرەی سەندووە.

پرسیار: ئەو پێناسانەی کە بۆ بزووتنەوەی کورد و پێگە و شێوازی خەبات تیشکت خستە سەری و هاتنە مەیدانی بزووتنەوەی ژنان و خوێندکاران و لاوان تا چەند دەتوانین بە شێوەیەک بە حسابی هەڵسورانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی دابنێین و دەتوانێ بچێتە ئەم خانەوە؟ حیزبە سیاسییەکان کاریگەرییان لە سەر ئەوە بووە کە خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی تاران خۆپیشاندان بکەن و داوای مافی خۆیان بکەن؟

وەڵام: ڕۆڵ و دەوری پارتە سیاسییەکان لە کوردستان و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بابەتێکە کە جێی خۆیەتی تێر و تەسەل قسەی لە سەر بکەین ، بەڵام دەوری ئەحزابیش جیا لەو هەلومەرجە سیاسیە نییە کە کۆمەڵگای کوردستان و خەڵک تێیدایە. ساڵ 57 و 58 پارتە سیاسییەکان دەرفەتێکی گەورەیان بۆ رەخسا تا خۆیان بنوێنن و ئەو سالانە و بە تایبەت دوای راپەرینی ساڵی 57 دەرفەتێکی گەورە و مێژوویی بوو بۆ حیزبە سیاسییەکان و بە تایبەت بۆ کۆمەڵە کە وەک هێزێکی نوێخواز و بە گوڕ و تاو و چەپ و سوسیالیستی هاتە مەیدان و بە دروشمی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و یەکسانیی ژن و پیاو و جیایی دین لە دەوڵەت و بە فەرهەنگ و بیر و باوەڕی پێشکەوتوو خۆی پێناسە کرد. کۆمەڵە بە

بروای من زۆر درەوشاوە و زۆر کاری کرد. حیزبە سیاسییەکانی تریش ئەوانەی کە بە هۆی ملهوڕیی ڕژیمی پاشایەتی خرابوونە پەراوێزەوە و ناچار بە کاری نهێنی کرابوون، بۆ ئەوانیش دەرفەتێکی گەورە ڕەخسا . ئەو شاخسانە یان ئەو دیاردانە کە کۆمەڵگای کوردستانی پێ پێناسە دەکرێت ئەمانەن.ساڵی 57 و 58 دوو شاری گەورەی کورد نشین لە ڕۆژئاوای ئێران یانی ئیلام و کرماشان لە بازنە و دەروی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بە دەرکران و بەڵام ئەوە چەند ساڵە شاهیدی ئەوەین وردە وردە خەریکن تێکەڵ دەبنەوە. لە بزووتنەوەکەی هاوینی 84 دا بە باشی خۆیان نیشان دا و هەر وەک ئیشارەتم پێکرد جوغرافیای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە کوردستان گۆڕدرا. هەنووکە هەموو پارتە سیاسییەکان یەک دروشم و یەک ستراتژیمان هەیە و ئەویش فدرالیزمە کە لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە پشتگیریی لێکراوە و کار بۆ بەرەی کوردستانی خەریکە جیددیتر دەبێتەوە . شاخسێکی دیکە کە دەتوانم ئاماژەی پێ بدەم دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە میدیاکانی ئێران و دەرەوەی وڵاتە. هاوینی 84ی پار وەزارەتی دەرووەی ئامریکا ڕاگەیاندنی دەرکرد و وەزیری دەرەوەی نورویژیش پەرچەکرداری نواند و ئەم هەڵویستانە زۆرتر دەنگی دایەوە .

پرسیار: ئاماژەت بە ڕاپەرینەکەی هاوینی 84 کرد. ئایا کاریگەریی باشی بووە لە سەر ئاستی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان و ئایا ئەم بزووتنەوەیەی بردووەتە قۆناغێکی ترەوە؟

وەڵام: ڕەنگە وتنی قوتاغێکی تر تۆزێک شیاو نەبێت، بەڵام دەتوانین ئەوەش بڵێین کە چەند دیاردەدەی نویێ لە گەڵ خۆیدا هێنا کە دەکرێت دابەش بکرێت بەسەر پێش هاوێنی 84و دوای هاوێنی 84 وە و لە یەک جیا بکرێتەوە. هاوێنی 84 مەودایەک بوو بۆ خۆ نواندنی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە پێشتر باسم کرد . من دەمەوێ بە خێرایی ئیشارەت بە شتێک بکەم کە ئەگەر بمانەوێت جیا کارییەک بکەین هەر وەک لە چاو پێکەوتنێکی تریشدا ئاماژەم بەوە کردووە کە ئەکرێت ماوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ئێران و لە کوردستان بە 3 دەیە دابەش بکرێت و 3 قۆناغی جیاوازی بۆ دیاری بکرێت . دەیەی یەکەم دەیەی لەشکەرکەشی و هێرشی سەبازییە، دەیەی بومباران بە ناپاڵمە، دەیەی کردنی کوردستان بە مۆڵگەیەکی گەورەی سەربازییە، دەیەی ئیعدامی بە کۆمەڵ و ئیعدامەکانی سابڵاغ و سنە و شارەکانی دیکەیە و دەیەی خۆڕاگریی زیندانییە سیاسییەکانە و بەڵام لە هەمان کاتدا دەیەی خۆڕاگریی خەڵکی کوردستانە، دەیەی خۆڕاگریی هێزی پێشمەرگەیە و دەیەی جەنگێکی سەرتاسەریە لە کوردستان بۆ پاراستنی ناوچە ئازاد کراوەکان و بۆ بەرپەرچ دانەوەی هێرشی کۆماری ئیسلامی. ئەم دەیە لە کۆتایی خۆیدا کە هاوکاتە لە گەڵ کۆتایی جەنگی ئێران-عێراق و کەم تا کورت بە پاشە کشەی هێزی پێشمەرگە و زاڵبوونی ڕکودێک لە بزووتنەوەی خەڵکی و جەماوەریدا، کۆتایی پێدێت.
دەیەی دووهەمی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان دەیەی سکووت و بێدەنگی و ترس و دڵەڕاوکەیە. لە بیرمە یەکێک لە ڕۆژنامەکانی ئێران نووسیبووی کە کوردستان ئەمنترین پارێزگای ئێرانە. کوردوستانیان کردبوو بە پایگایەکی گەورەی نیزامی. نارەزایەتی لە هەمبەر کۆماری ئیسلامی جیگەی خۆی دابوو بە بێدەنگی، هێزی پێشمەرگە کەوتە ئەودیو سنوورەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و ئاودیوی کوردستانی باشوور کران.

بەڵام بە هاتنی دەیەی سێهەم کە لە کۆتایی 1370وە دەستپێدەکات و دێینە ناو 1380 وە، وردە وردە شاهیدی سەرهەڵدانی دووبارەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی لە کوردستان دەبین کە ئەویش کاریگەریی کوردستانی باشووری زۆر لە سەرە.
لە سێی رەشەممەی ساڵی 1377 و لە نارەزایەتی بەرانبەر بە گرتنی عەبدوڵلا ئۆجەلان راپەڕینێکی گەورە کوردستانی گرتەوە و بە تایبەت لە شاری سنە لەو رۆژە شاردا لە ئیختیاری خەڵکدا بوو. خەڵک هێزەکانی کۆماری ئیسلامییان تا پادگان و مۆڵگە سەربازییەکان راوناو پاشەکشەیان پێکردن، ئەمەئاگاداری و جووڵەیەک بوو.

پرسیار) هۆکارە دەرەکییەکان کاریگەریی بووە لە سەر وشیاری خەڵک ، هۆکارە ناوخۆییەکان کامانەن؟ هۆکاری هاتنە ئارای دەهەی سێهەم کە پێناسەت کردو بە 3 دەیە دابەشت کردن کامانن؟

وەڵام) کاتی دەهەی پاشەکشەی پێشمەرگە و چونە ناو دەهەی دووهەم ، وتم کە ئەم دابەشکردنە بە سێ دەهەیە فەقەت بۆ باسی ئەمشەوە، ئەگەر بتهەوێ دەقیقتر و رۆشنتر لەم بارەیەوە بدوێین، شایەد پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی زێدەتر هەبێت. بەڵام ئێمە شاهیدی کۆمەڵگای کوردستانین کە لە قووڵایی خۆیدا و بۆ ئاڵوگۆڕ لە جۆش و خرۆشاندا بوو. خوێندەواری ورە وردە پەرەی سەند، کۆماری ئیسلامی ئەگەر پێشتر بە بیانوی هێزی پێشمەرگە و هێزە سیاسییەکان خەڵکی سەرکوت دەکرد، خۆ ئەم دۆخە نەمابوو، شەڕی ئێران و عێراقیش نەمابوو، کۆماری ئیسلامی دەیوت کوردستان ئەمنترین شوێنی وڵاتە، ئەی خۆ دەبوا زانستگە دامەزرێنن، بۆ ئەو هەموو لاوانە کە تازە پێگەیشتوون دەبێ بیرێک بکاتەوە. لە سەرەتای ساڵی 1358دا لە شاری سەقز یەک دەبیرستانی کچانە هەبوو بەڵام ئێستا نازانم 10_11، فەقەت دەبیرستانی کچانەی لێیە. ئەنجوومەنی ئەدەبی لێنەبوو ئێستا هەموو شارەکان دوو، سێ ئەنجوومەنی ئەدەبی لێیە، یانی دەهەی 70 ئێمە وردە وردە شایدی کارێکی فەرهەنگی، هەمەلایەنەین، پێشوازی لە مێژو و کلتور و زمانی کوردی فراوانتر دەبێت. ئەوانە لەسەرووی کاریگەری ئێراق زۆر زۆری زیاتر لە سەرووی کوردستانی ئێران بوو، دەزانین کە ساڵی 1370، بەهاری ساڵی 1370 راپەڕینێکی گەورە کرا لە کوردستانی عێراق کە هێزی سەدامی راوناو کوردستان ئازاد بوو، دەهەی 70 کە دەهەی سکوت و بێدەنگی لە کوردوستانی رۆژهەڵات بوو، لە باشور دەهەی راپەڕین و ئازادی و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بوو، زۆر خوێندەوارانی کورد هاتن بۆ ئەم دیو، نووسەران و روناکبیرانی ئەو دیو هەموو بابەتەکانی خۆیان لێرە بەچاپ دەگەیاند. گۆڤاری گوڵان کە لە باشوور دەردەچو پڕبوو لە بابەتی کوردی ئێرانی. دەرفەتێکی گەورەی کردەوە لە هەمان کاتدا، هەربۆیە ئەم ئاڵوگۆڕانە لە کوردستان و بەرینبوونەوەی شارەکان و خوێندەواری هەمووی ئەوانە لە کۆتایی دەیەی ئەوەڵ و چوونە ناو دەهەی دووەم دەستی پێکرد. ئەم کۆمەڵگا بۆ خۆی تووشی ئاڵوگۆڕ بوو و کۆماری ئیسلامی لە گەڵ دەورانێکی نوێ بەرەورووو بوو، کۆماری ئیسلامی سەرەتا هەوڵی دا تا روناکبیرانی کورد بگرێتە خزمەت خۆیەوە، ئێمە دەبینین کە ئاسەواری ئەو وەختەش ماوە، رۆژنامە و گۆڤارەکان بەجێماوە، کە باس لە

هێرشی رژێم بۆ سەر کوردستان دەکەن و هێزی پێشمەرگەو کۆماری ئیسلامی وەک یەک تاوانبار دەکەن. بەڵام ئێستا ئەوە نەماوە، هیچ روناکبیرێکی کورد حازر نییە قسەی وابکاتەوە، ئەوە زوو تەواو بوو ئێمە ئیتر شایدی ئەوە بووین کە رێکخراوە مەدەنییەکان، وەک ئەنجومەنە ئەدەبییەکان،وەکوو ئینجی ئۆکان، وەکوو دامەزراوەی مافی مرۆڤ و...... هەمووی ئەوانە وردە وردە لە کوردستان دەستی پێکرد. وە دەهەی سێهەم لەگەڵ بەرێوەبردنی نەورۆزەکان، لەگەڵا پشتیوانی لە خەڵکی کوردستانی باشور، نەچون بۆ سەر سندوقەکانی بەناو دەنگدان و دەزانین کە تەحریمی هەڵبژاردنەکان لە کوردستان بوون بە بزووتنەوەیەکی‌نەتەوەیی و رزگاری‌خوازی. پارەکە بەرانبەر بە شانۆی هەڵبژاردنی ئەحمەدی نەژاد خەڵکی کوردستان بەراستی یەکگرتوویەکی گەورەیان لە خۆیان نیشاندا. بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی مام جەلال، بۆ پەسەندی دەستوور و بۆ فیدرالیزم، بۆ هەموو ئەوانە خەڵکی کوردستان لە خۆیان مایەیان داناوە و کاریان کردووە. خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی زەنجان و تاران و بۆ بیرەوەری تراژدیای کیمیاباران و ئەنفال و... ئەم بزووتنەوەیان بۆ خوێندکاران و خۆیندنگەکانیتر گواستەوە. بۆیە ئەم هەلومەرجە و ئەم واقیعە کە لە کۆمەڵگای کوردستان پێکهاتووە، وە سەرەڕای ئەوە کە کۆماری ئیسلامی زۆر هەوڵی‌دا پاشەکشە بە لایەنە سیاسییەکان بکات، ئێمە دەزانین بە هۆی ئاڵوگۆڕەکانی کوردستان شاهیدی ئەوە بووین کە بزووتنەوەیەکی رزگاری خوازی و بەئاگاتر و هوشیارتر و یەکگرتووتر لە حاڵی خۆرێکخستندایە و ئێستا هەرئاسەوارەکانی دەبیندرێت و بەڵام هێشتاش ماویەتی. بابێینە سەر هاوینی ساڵی 1384، بەم پاشخانەوە کە باسی لێکرا و بە هاتنی ئەحمەدی نەژادیش بەبیانوی کوشتنی لاوێک، بە بیانوی کوشتنی شوانەی سەید قادر و بۆ ئەوەی کەبەو شێوە ناحەز و نامرۆڤانە کوشتیان و خەڵکی کوردستان بەراستی بەرپەرچدانەوەیەکی زۆر گەورەو یەکگرتووانەیان لە خۆیان نیشاندا. شێوازی خەباتی هاوینی 84 جیاوازە. وەک سەردەمی 57 و 58 وایە. بزووتنەوەی جەماوەری دووبارە لە کوردستان سەری هەڵداوە. ئەم بزووتنەوە گەورانە کە بەنارەزایەتی بەرانبەر بە کوژرانی شوانەی سەید قادر دەستی پێکرد، رێبەرانی خۆی بوو، چالاکان و بەرێوەبەرانی خۆی بوو، ژنانیش رۆڵێکی بەرچاویان بوو، شوعار و دروشمگەلێکی زۆر ژیرانەیان دەدا، وە من پێموایە خەڵکی کوردستان لە هاوینی ساڵی 1384 سەرکەوتوانە هاتنە دەر. ئەم بزووتنەوەیە پەلی کێشایە ئیلام و کرماشان ، لە کرماشان ولە ئیلام و... بە پشتیوانی لە شوانەی سەید قادر رابون و یەکگرتوویەکی بەرچاویان نواند. لە میدیاکان زۆر دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو، رادیۆ و تلویزیۆنەکانی فارسی و کوردی و دەرەکی زۆر زۆر بە بایەخەوە لەم بزاڤەیان روانی، هەمووی ئەوانە دەسکەوتێکی گەورە بوو بۆیە هاوینی 84 بە بڕوای من ئاوێنەیەک بوو کە هەموو ئاڵوگۆڕکانی 30_40 ساڵی کۆمەڵگای کوردستانی لە خۆدا کۆکردەوە و پێشکەشی کرد.

پرسیار) ئەم هەلومەرجەی کە ئێستا لە کوردستان پێکهاتووە و زەمینەی خۆشترکردوە بۆ هەڵسورانی سیاسی وفەرهەنگی حیزبەکان، بەڵام بەم شێوەیەش تائێستا دەبینین کە کەم توانیویان کەڵکی لێوەربگرن وبەرچاو ناکەوێ کە بڵێین بەشێوەیەکی کاریگەر توانیبێتیان، ئەم بزووتنەوانە خۆدجۆشن یا ئەوەیکە

واقیعەن لە کاناڵێکی خۆیەوە هیدایەت کراون و بەپلان یا پێویستی بەوەیە کە ئەم بزووتنەوانە لەیەکتر نزیک ببنەوە و زیاتر هاوئاهەنگیان بآ لە نێوان ئەم وبزووتنەوە جۆراوجۆرانەدا؟

وەڵام) دەزانی چۆنە! لە مێژووی گەلانی دنیا، لە ئێراندا و لە کوردستانیش بەبڕوای من زۆر کەمە کە ئەسڵەن بزووتنەوەیەک بەپێی نەخشەیەکی دیاریکراو یان بەپێی خواستی حیزبێک دەستی پێکردبێ. یا خود خۆپیشاندانی کردبێ. حیزبەکان کاریگەرییان هەیە لەسەری. بەڵام زۆرێک لەو بزووتنەوانە خودجوشن یانی خۆڕسکن بۆیە پێشبینی ناکرێ. بەراستی تۆ نازانی لە کوردستانی ئێران دوو مانگیتر، سێ مانگیتر راپەڕینێک نەکرآ و یان شایدی راپەڕینێک نەبی، بەڵام تا ئەوجێیەی رۆڵی حیزبەکان دەگرێتەوە، من هەروەک ئیشارەم کرد دەهەی سێهەم دەهەی بووژانەوەی ئەحزابی سیاسییە لە کوردستان. ئێمە ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە ناو کۆمەڵە پێکمانهێنا و بە هاتنەدەرمان لە حیزبی کمۆنیست ،بە بڕوای من کۆمەڵە توانی ئەو هەلومەرجە سیاسییە بناسێت، پێناسەی بکات، وە خۆی لە گەڵدا رێک بخات. ئێمە زۆرجار وتوومانە کە چاکسازی کۆمەڵە و ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە کۆمەڵەدا پێکهاتن، بەشێکی هی وشیاری کارگێڕانی چالاکی سیاسی ورەوتی بازسازی کۆمەڵە بووبێ بەشێکیتری بەبڕوای من پێوەندیدارە بەو هەلومەرجە سیاسییەی کە بۆ ئێمە رەخسا.
ئێمە هەر لە کۆنگرەی نۆدا بڕیارنامەیەکمان بوو لەسەر پەیوەندی لە گەڵ رووناکبیرانی کوردستانی ئێران. وە بۆ ئەوە زۆر کارمان کرد. لە بواری فەرهەنگی، ئەدەبی، سینەما، لە ئنجیی ئۆکان، لە ئەنجومەنە ئەدەبییەکان، لە رۆژنامەوانی، لە چاپەمەنی، من پێموایە دوو تەئسیرمان بووە. یەکەم ئەوەی کە سیاسەت و روناکبیریمان جارێکیتر بەیەکەوە ئاشت کردەوە. ئەو مەودا و دوورییەی کە تێیدا دروست ببوو بە هۆی خەفەقانی کۆماری ئیسلامی و بەهۆی ئەو هەلومەرجانە و بەهۆی دووری حیزبەکان وپاشەکشەیان لە کوردستان جارێکی دیکە ئەمەمان کردەوەو جارێکیتر پەیوەندی بزووتنەوەی رزگاریخوازیو روناکبیری کوردستانیشمان بە بڕوای من قایمتر و زۆرتر پتەو کرد. بەڵام تا ئەو جێیەی دەگەڕێتەوە بۆ حیزبەکان، من پێموایە یەکێک لەو دیاردانەی کە ئاڵوگۆڕی گەورەی بەسەرداهاتووە، حیزبایەتییە لە کوردستان، حەقیقەتی ئەویە نە ئێمە نە حیزبەکانی تریش نە قسەکانی ساڵی 58 دووپات دەکەینەوە و نە دەتوانیین بەوشێوەیە کار بکەین.

پرسیار) دەتوانین بڵێن دەوری حیزبەکان گۆڕاوە بۆ ئەوەی گرۆتینێکی زیاتر بە بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان بدات؟

وەڵام) نەک ئەوەی ئیستراتیژی گۆڕابێ، من پمیوایە ئەو هەلومەرجەیە کە لە کوردستان پێش هاتووە و من وتم کە بە هۆی هاتنە ئارای خوێندواری، ئاڵوگۆڕی گەورەی کۆمەڵایەتی، پێگەی ژن و گەورە بوونەوەی شارەکان، بەرزبوونەوەی مەسەلەی رزگاری و مەسەلەی نەتەوایەتی و زۆر شتیتری لەم بابەتەوە، حیزبەکانیش گۆڕان. ناتوانی ئەو حیزبە وەک 40 ساڵ لەمەوبەر تەماشا بکەی، حیزب

دیاردەیەکی زیندووە، لە کۆمەڵگایەکی پڕ ئاڵوگۆڕ کە وەک ئاماژەت پێکرد،دەبێ خۆی بگۆڕێ. نە ئێمە نە هیچ یەک لە حیزبەکانی دیکەش ئیدیعای ئەوە ناکەن کە نەگۆڕدراون ، ئەگەر وابێ بەبڕوای من ئەم حیزبە دەبێ فاتیحەی خۆی بخوێنێ. ئێمە ئێستا وەک کۆمەڵە پێموایە لەبەردەم ئاڵوگۆڕی گەورە راوەستاوین، شانس رووی کردووەتە کۆمەڵە کە وەک حیزبی سەرەکی لە کوردستان، وەک حیزبی رێبەر لە کوردستان خۆی بنوێنێ، جارێکیتر ئەم دەرفەتە بۆ کۆمەڵە رەخسا لەساڵی 1358 بەڵام نە ئەوەندە ئەزموونی هەبوو و نە ئەوەندە کاری کرد بۆ ئەوەی کە لە کوردستان بە خێرایی ببێتە حیزبی سەرەکی. بەڵام ئێستا بە بڕوای من بە ئەزموونێکی پڕبایەخی 40 ساڵی رابردوو دەتوانێ ئەم کارەی بۆ بکات، دەتوانین خۆمانی بۆ ئامادە بکەین، بەبڕوای من رەمزی سەرکەوتنی ئێمە ئەوەیە کە لە رێبەری کۆمەڵەوە هەتا هەموولایەنگرانییەوە لە کوردستان هەموو دەبێ وەک حیزبی سەرەکی لە کوردستان، وەک حیزبی رێبەری ئەم کۆمەڵگایە بیناسێنین و کاری بۆ بکەین بەڵام ئەمە یەک شەوە بەدەست نایەت، ئێمە دەبێ کۆلێک ئاڵوگۆڕ لە خۆماندا بە وەجوود بێنین هەر لە چوارچێوەی رێبەریی کۆمەڵەوە، لە بواری راگەیاندنەوە، لە بواری دیپلۆماسییەوە و لە بواری کاری نهێنییەوە، لە بواری بەشداری ژنان لە کۆمەڵە وەک حیزبێکی سیاسی و لە پەیوەندیمان لە گەڵ روناکبیرانی کوردستان و هەمووی ئەوانە پێویستی بە ئاڵوگۆڕی گەورەیە، زمانی دیالۆگمان دەبێ بگۆڕین، زمانی گفتوگۆمان بە بڕوای من دەبێ بگۆڕین، هەلومەرجی ئێستەمان. ئەگەر دەهەی 50 فەقەت حیزبایەتی بوو کە لاوی کورد رووی تێدەکرد، ئێستە بۆ لاوی کورد زۆر دەرەتانی تر خولقاوە.

پرسیار) زەمینەی ئەو ئاڵوگۆڕانە لە کومەڵەدا فەراهەم بووە؟

وەڵام)من پێموایە فەراهەمە، وە زەمینەی زۆر لە بارە، 5_6 ساڵیرابردوو پێشرەویباشمان کردووە، بەڵام لە قۆناغی بازسازی کۆمەڵە وەک چۆن تەکانێکمان دا ئێستاش پێموایە پێویستی بە تەکانێکی دیکەیە، من پێموایە گوتاری کۆمەڵە لە کوردستان دەبێ ببێتە گوتاری زاڵ، بۆ ئەوە دەبێ دیالۆگمان بێ، ئەو پلۆرالیزمەی(فرە چەشنی) کەهەر لەسەرەتاوە باوەڕی پێی بووە هەر ئێستاش جەختی لەسەر بکاتەوە، ئێمە دەبێ گوێ بگرین لە دەنگەکان و، بیروڕای جۆراوجۆر لە کوردستان ببیستین، ئەم کوردستانە وەکوو هەمووکۆمەڵگایەکیتر بەم جیاوازییانەوە جوانە، تۆ ناتوانی و ئەو دەورانەش تەواو بوو، ئەفسانەی یەک نەتەوە ویەک حیزب تەواو بوو، تازەبەبێ هاوکاری، بەبێ کاری هاوبەش و بەبێ دۆزینەوەی رێگایەک بۆ ئەوەی هەموو هێزی بزووتنەوەکە، هەموو هێزی دڵسۆزان وتێکۆشەرانی ئەم بزووتنەوەیە بخەیتە کاناڵ و زەرفیک، بەبڕوای من ئەوە ئاستەمە کە بیر لەوە بکەیتەوە کە حیزبێک بەتەنیایی 70 _80 _ 90 لە سەدی کۆمەڵگاکەی لە گەڵدا بێت.

پ)ئاخر یەکێک لە رەخنەکانی خەڵکی کوردستانیش ئەوەیە کە حیزبەکان پێکەوە هاوکارییان نییە لەوهەلومەرجەی کە بۆیان هاتووەتە پێش و بەباشی کەڵکی لێوەرناگرن و لێک نزیک نابنەوە و دیارە هاوئاهەنگیش نییە لەناو حیزبەکان لە گەڵ یەکتردا و تۆ پێت وایە رێگەچارە چییە؟

وەڵام) من پێموایە ئەم بابەتە قسەکردنێکی زۆر تێر وتەسەلی دەوێ بەڵام ئەوە حەقیقەتێکە کە خەڵکی کوردستان خوازیاری یەکگرتوویبە، لەوە تورەن کە حیزەبەکان بەدژی یەک کاردەکەن،بیرەوەری زۆر ناخۆش و نالەباریان هەیە لە شەڕی ناوخۆیی لە کوردستان و لەهەموو پارچەکان ، بەداخەوە نیگەرانن لەوە و نیگەرانن کە ئەگەر کۆماری ئیسلامیش بروخێ حیزبەکان چی دەکەن وچی ناکەن، ئەمانە گەرەنتیان دەوێ. من پێموایە بەبێ پێداچوونەوەیەکی رەخنەگرانە لەسەر رابردوو، بەبێ قسەیەکی راشکاوانە لەسەر رابردوو، لەسەر شەڕی ناوخۆیی، لەسەر پێوەندی ئەحزاب پێکەوەو لەسەر ئەوە..، بە بێ بڕوانامەیەکی هاوبەشی شەفاف و روون کە ئەوە تەزمین بدا بە خەڵکی کوردستان، وە خەڵکی کوردستان خاترجەم بکات کە حیزبەکان پێکەوە هاوکاری دەکەن بە بڕوای من زۆر موشکیلە باوەڕ بکەن. بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان هەموو هێز و وزەی خۆیان بخەنەگەڕ کە ئەم بزووتنەوەیە بە سەرکەوتن بگەیەنن، پێویستی بەوەیە یەکگرتوویبەک لە حیزبەکاندا ببینن. ئەمە پلاتفۆرمی دەوێت. ئەمە هیچ لە کاری سەربەخۆیانەی ئەحزاب کەم ناکاتەوە. جیاوازی حیزب لە کوردستان، جیاییەکی حاشاهەڵنەگرە، کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات و ئەحزابی دیکە پێوەندیان بە رەوتگەلێکی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتییە، نوێنەری بیری جیاوازن، نوێنەری مەنافەع وبەرژەوەندی جۆراوجۆرن لە کۆمەڵگای خۆیاندا، ئەمانە جیاوازی هەیە، بەڵام کۆمەڵگا بەم جیاوازییانەوە جوانە. ئێستا بە بڕوای من دەورەی ئەوەیە دەورەی پێکەوە ژیانە، هونەر ئەوە نییە جیاییەکانی خۆت لە گەڵ ئەحزابی دیکە باس بکەی هونەر ئەوەیە توافقات و ئیتحادەکە بەیەکەوە نزیکتر بکەیتەوە، بەبڕوای من حیزبێک لە کاری هاوبەشدا زۆرتر سەردەکەوێت.

پرسیار) کۆمەڵەچەند ئامادەیە بۆ ئەو هاوکارییە؟

وەڵام) دەتوانم بڵێم لە هەموو حیزبەکان ئامادەترین، پێش کیسوەتی گەلالەی ئەو بەرەی کوردستانییە بووین لە کوردستان، هەوڵمان بۆداوە و کارمان بۆکردوە، بەڵام دەتوانم بڵێم کە لەباسی کۆنگرەش لەسەر بەرەی کوردستانی ، دوو ئیراد دەتوانم لە خۆمان بگرم، یەکێک پێمانوابوو زۆر زوو پێک دێین، زۆر خۆشبین بووین. هێشتا سەهۆڵی بەینی خۆمان و ئەحزابی دیکە نەتواوەتەوە ئابدێت نەبۆتەوە ، وە مەسەلەیەکی دیکە ئەوە بوو ئێمە پێمانوابوو زۆر دولایەنەیە ئێمە و حیزبی دیموکرات ئەگەر بسازێین تەواوە. ئەو دوو ئیرادەی هەبوو، بەبڕوای من دەبێ بە فراوانتر بۆی بچین، کاری زۆرتری بۆبکەین، بە حەوسەلەیەکی زۆرترەوە و لیی ماندوو نەبین، بەڵام سەرەڕای ئەوانەش کۆمەڵە یەکەم حیزبی

کوردستانییە دووبارە هێناوییەتە گۆڕێ و هەوڵی بۆ داوە و کۆڕ و کۆمەڵی بۆ بەستووە و خستوویەتە ناو خەڵکی کوردستانەوە وە لەم بارەوە ئێمە ئامادەگی خۆمان نیشان داوە و دەبآ خەڵکیش وا بڕوانن.

پرسیار) بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان چۆن دەکرآ بە بزووتنەوەی سەراسەرییەوە گرێ بدریت؟

وەڵام) پرسیارێکی زۆر گرنگ و بەجێیە، لە 30ی ساڵی رابردوو بزووتنەوی خەڵکی کوردستان لە ئێران کۆڵەکەی بنەرەتی پشتگیری لە دیموکراسی و لایەنگری لە خودی خەڵک بووە و لەسەرتاسەری ئێران بەوەوە ناسراوە. هەر لە سەرەتای دامەزاندن ودەست پێکردنی کۆماری ئیسلامییەوە، حکوومەت بە هێرش بۆ سەر کوردستان دەیهەویست خۆی داسەپێنێ و بەهاری ساڵی 58یان بەشاری سنە و خەڵکی شاری مەریوان داسەپاند و برێک دەسیسە و ئاژاوەیان هێشتەوە. هەموو رۆژنامەکانی ئێران لە کەش و لە جەوسازی دژی خەڵکی کوردستان بوون، ئەوەی کە لە گەڵ بەعس، لە گەڵ پاشماوەی پاشایەتی، لەگەڵ ئەشرەفی پەهلەوی و لەسنوورەکانی ئێران- عێراق خەریکن دووسەد میلیۆن دۆلاریان هێناوە ئەمانە درۆو دەلەسە بوون کە درەکەوت. بەلآم راوەستاوی خەڵکی کوردستان زۆرجار بەربەست بووە کە کۆماری ئیسلامی بە هەموو هێزییەوە بتوانێ سەرکوت بکات. هەر کاتێ هێرشی کردوّتە سەر کوردستان هێرشی کردووە بۆ سەر زانکۆی تارانیش، هێرشی کردووەبۆ سەر بزووتنەوەی کرێکاریش، ئەمانە بە یەکەوە گرێدراوە. لە ماوەی 30_40 ساڵی رابردودا حیزبە سیاسییەکان بەخۆشحالیەوە پەیوەندییەکی سەراسەریان بووە و هەرجارەش هەر کەس لە گەڵ موتەحدینی خۆی بە جۆرێک ریککەوتووە، دیارە هەڵەشی تێدا بووە چ ئێمە بە پێکهێنانی حیزبی کمۆنیستی ئێران و چ حیزبی دیموکرات بە ئیتلاف لە گەڵ موجاهدین وشورای موقاومەت. بەلآم ئێمە وەک کۆمەڵە لە هەمبەر بزووتنەوە کۆمەلآیەتییەکان لە ئێراندا و راکێشانی سەرنجیان بۆ بزووتنەوەی کوردستان بێ تەوجوە نەبووین. دیارە بە هۆی سەرکوت بۆ پێوەندیگرتن و هاتوچو کێشەمان هەبووە و هەبوونی ئەم کەشە لە دەست خۆماندا نەبووە. ئێستا ئێمە لە یەکێک لە قسەوباسەکانی کۆنگرەکەماندا و بەرامبەرکێ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی داوای بەرەیەکی بەرفراوانی دیموکراسی خوازی لە ئێران دەکەین. قسەمان ئەوەیە ئەگەر ئێمە وەک کورد و وەک حیزبە سیاسییەکان لە کوردوستان وەک یەک بەرە و وەک یەک لایەن بەشداربین، بە بڕوای من هەم قورسایی کورد لە هاوسەنگیە سیاسییەکانی داهاتووی ئێران دەچێتە سەر و هەم ئەو بەرەیە قایمتر دەکات. بۆیە دەبێ ئێمە زۆر وشیار بین. مەسەلەیەکی تر ئەوەیە کە ئێمە راستەوخۆ و لێرەوە ، لە سەرکردایەتی کۆمەڵەوە لەگەڵ ئەم بزووتنەوە سەرتاسەریانە پەیوەندی بگرین، بەشێکی زۆر لە ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات کۆن بوون و لە کۆمەڵگای ئێران دورکەوتونەتەوە. هەر لێرەوە بۆ لەگەڵ بزووتنەوەی ژنان پەیوەندی نەگرین، 2000 ژن لە پارکی لالەی تاران کۆدەبنەوە و خاتو سیمین بێهبەهانی وەک شێرە ژنێک بەشداری دەکات و دەکەوێتە ژێر ئازاری باتۆم، بۆ هەر لێرە لەگەڵ پشتیوانی راستەوخۆی رێبەرایەتی کۆمەڵە بەرەوروونەبێت. هە خێرا لە رۆژهەلآت تیڤی و رادیۆ رۆژهەلآت و رادیۆ کۆمەڵە و ماڵپەرەکانمان پشتیوانی گەرم و گوریان لێبکەین و پێوەندیان پێوە بکەین و بۆ بینینیان هەڵسوراوانی خۆمان بەرێبکەین.

پرسیار)بزووتنەوە سەراسەریەکان پشتیوانی لە خەڵکی کوردوستان دەکەن؟

وەڵام) من ئێستا قسە لەسەر بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی دەکەم، ئێمە دەبێ پاڵپشتی هەرچەشنە جوڵەیەکی ئازادیخوازی بین لە کوردستان و لە ئێراندا. بزووتنەوەی کرێکاری لە یەکساڵی رابردوو جوڵەیەکی بەرچاوی هەبووە، مەنسور ئوسانلو گیراوە، کرێکارانی شیرکەتی واحید چالاکی شیاویان نواند، هەر لێرەوە با راستەوخۆ پەیوەندی بگرین لە گەڵیان. لە گەڵ بزووتنەوی خوێندکاران، لە گەڵ بزووتنەوەی گەلانی ئێران. لە خوزستان دەزانین بەهاری ئەمساڵ چ راپەڕینێکی گەورە لە چوار پارێزگای ئازەری روویداوە. هەر لێرەوە پەیوەندی پێوەندیان پێوە بکەین، کردوومانە، بەڵام من دەڵێم راستەوخۆترو بە گرۆوتینێکی زیاتر بودجەی ماڵی بۆ دابنێین. کادریان بۆ تەرخان بکەین، لەراگەیاندندا بەشیان بۆ بکەینەوە. تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە پرسیارەکەی جەنابتانەوە هەیە, ئەوەی کە هەیە لە سەراسەرییەکان تا چەند پشتیوانیان کردووە لە ناو ئەوانیشدا جیاوازی هەیە. لە هێزی هەرە شوینیستەوە تێیدا بووە کە دژایەتی راستەوخۆی کردووە لە گەل بزووتنەوەی کوردستان تا هێزە چەپ و دیموکراتەکان کە بەڕای من کاریان کردووە و پشتیوانیان لە کوردستان کردووە. ئەحزابی چەپ و سوسیالیستی لە کوردستان بەشدار بوون، پێشمەرگەیان بووە وەک راه کارگر، وەحدەتی ئینقلاب، چریکە فیداییەکان و پەیکار کە دوایی هەمووان هاتنە ناو کۆمەڵەوە و خەڵکی تێکۆشەر لە شمالی ئێران و ئیسفەهان و .. هاتوون و لە کوردستان شەهید بوون، ئەم پەیوەندە بەرقەرار بووە، ئەم پەیوەندە دەبێ زیندوو بکەینەوەو بڵێین کە بزووتنەوەی رزگاری خوازی لە کوردستان دەتوانێ پاڵپشتی دیموکراسی بآ لە ئێران.
بەڵام پێم خۆشە لێرەدا ئاماژە بە خاڵێکی گرینگ بکەم ئەویش ئەوەیە کە ئێمە بەهیچ جۆرێک نابێ لە مەسەلەی پرووپاگەندەیەک کە لە دژی خەڵکی کوردستان دەیکەن و دەنگۆی جیایی خوازی بڵاو دەکەنەوە، بترسین. من ئاوادەڵێم کە داهاتووی ئێران یان مافی گەلان بە شێوازێکی روون و شەفاف یان بە بڕوای من قسە لە ئێرانێکی یەکگرتوو مووەکین نییە.

پرسیار) یانی ئەگەری تەجزیە و لەت لەت بوونی ئێرانیش دەبێ؟

وەڵام) نا من قسە لە تەجزیە ناکەم، قسە لەسەر ئەوەیە کە هەرچەشنە ئاڵوگۆڕێک لە ئایندەی کۆمەڵگای ئێران دەبێ مافی گەلانی ئێران و بە تایبەت کورد بە ڕەسمی بناسێت. ئەوەش فیدرالیزمە، ئێمە قسەمان لەوە کردووە بۆیە زۆر پروپاگەندە دەکەن لە دەرووەی وڵات و لە برێک لە میدیاکان دەنگۆی ئەوە دەکەن کە خەڵکی کورد تەجزیە تەڵەبن، بەبڕوای من نابێ ئەم قسانە پاشەکشەمان پێبکات، دەبێ لەسەر مافی نەتەوایەتی خۆمان و لە مافی خۆمان لە چوارچێوەی ئێرانی فیدراتیو پێ دابگرین و هێزی بۆ کۆبکەینەوە

و هەموبەرەی دیموکراتی خوازی لە ئێران و کرێکاران و ژنان و روناکبیران و خوێندکاران ئەرخایەن بکەینەوە کە ئێرانی داهاتوو بەوان دەپارێزرێ و تەنیا بەیەکیەتی گەلان دپارێزرێ. فەقەت بەبەشداری ئەوان لە دەسەڵاتی سیاسی دەپارێزرێ. تەنیا بە دابەشکردنی عادلانەی سەروەت و سامانی ئەم کۆمەڵگایە دەپارێزرێ و بە هێزی نیزامی ناپارێزرێ. هەشتا ساڵ رژێمی پاشایەتی بە هێزی سەربازی ئەم کۆمەڵگایەیان بە یەکەوە لکان. ئەمە دەورانی نەماوە و، بەبڕوای من بەرووخانی کۆماری ئیسلامی دەورەیەکی نوێ دەست پێدەکات کەتەنیا فیدرالیزم و مافی گەلان و بەرەیەکی دیموکراتیخوازی گەورە و بەها دیموکراتیکەکان وبونیادگەلی دیموکراتیک دەتوانێ ئەم کۆمەڵگایە بەیەکەوە بلکێنێ.

زۆر سپاس بۆ بەشداریتان.